# بارزانی پێشەوای مەزنیی ئازادیی*

## بەبۆنەی ١٠١ ساڵەی بارزانی نەمرەوە

حسەین یەزدانپەنا

نوسین لەسەر گەورە پیاوێکی وەك بارزانی بۆ کەسێك خۆی لەناو رووداوەکاندا نەبووبێ " یان لە روی تەمەنەوە لە سەردەمی خەباتی ئەودا نەژیابێ ، گەلێك زەحمەتە . من یەکێ لەو کەسانەم . نە لە ناو رووداوەکاندابووم ، نە لە تەمەنێکا بووم کە بتوانم شۆڕشەکانی بارزانی و کردەوەکانی ببیستم و بناسم . ئەودەمەی من چاوم بە دنیا هەڵێناوە ، بارزانی لە پێنجەم ساڵی سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلول دا بووە . کاتێ کە توانیم تۆزێ ڕاست و چەپی خۆم بناسم هاوکات بو لەگەڵ تراژیدی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و هاتنی بارزانی و سەرانی شۆڕش و پارتی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات . ئەو کات تەمەنم ٩ ساڵ بوو . بۆ یەکەم جار ناوی بارزانیم ئا لەو کاتەدا بیست . لەنێو غەم وپەژارەو هەناسە هەڵکێشانی بنەماڵەکەم بۆ ئەو کارەساتەی تووشی کورد و بارزانی و بارزانییەکان هاتبوو .

بۆیە ، سەرچاوەکانی ناسینی بارزانی بۆ من بریتین لە : گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانی بارزانی و شۆڕشەکانی لەلایان کەسانی جۆراو جۆرە وە " موتالاو خوێندنەوەی ئەو کتێب و نوسراوانەی لەو بارەوە کەوتونەتە بەر دەستم . سەرچاوەی یەکەم خۆی دەبێ بە 2 دەستەوە : دەستەیەك ئەوانەی سەربردەی بارزانی و شۆڕشەکانیان وەك چیرۆکی قارەمانێکی نەتەوەیی باس کردووە و زیاتر لەڕوی سۆزو خۆشەویستیی بەجێیان بۆ قارەمانەکەیان بووە . دەستەی دوهەم ئەوانەی کەم تا زۆر ، دور ، یا نزیك ئاگەداری بەشێك لە ڕوداوەکان بوون " سیاسی ، نوسەر ، ئەدیب و هاوڕێی سەردەمێك لە خەباتی بارزانین . سەرچاوەی دوهەم ئەو کتێب و نوسراوانەن کە بە چاك یان بە خراپ لەو بارەوە نوسراون .

باسکردن لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی بارزانی ، یەکسەر شۆڕمان دەکاتەوە بۆ ناخی نیو سەدە خەبات وراسان و ڕاپەڕین و شۆڕشی پڕ لە ڕوودا و هەستان و شکانی نەتەوەی کورد . هیچ ڕامان و لێکۆڵینەوەیەك ناتوانێ هەمە لایەنە بێ و هەقی تەواو و کەماڵ بدا بە بارزانی و دەوری لە دەیان ساڵ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردا ، ئەگەر ئارشیوێکی قەبەو دەوڵەمەندی تەرخان کراو بەو بابەتەی لە دەستدا نەبێ . زۆر بەداخەوە ، نە بۆ بابایەکی وەك من کە لەڕۆژی فامکردنەوە تائێستە لەبارێکی ئاڵۆزو نا سەقامگیردا بووە ، بەڵکو ڕەنگە بۆ هیچ کام لە ڕۆڵەکانی نەتەوە بن دەستەکەشم دەسنەدا " مەگەر دوژمنانی کورد وەها کەرەستەیەکیان لە لابێ . چوونکە ئەوان خاوەن دەوڵەت بوونەو دام و دەزگای تایبەتیان بۆکۆکردنەوەی هەواڵ ، زانیاری و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەهێزترین و بە ناوبانگ ترین سەرکردە شۆڕشگێرە کوردە تەرخان کردووە . بەڵام ئەو نووسین و بۆ چوونانەی کە دوژمنانی کورد لە سەر سەرکردەیەکی کاریسما تیکی وەك بارزانی بڵاوی دەکەنەوە ، دەبێ چ بن و پەیجوری چ مەبەستێك بن ؟

بارزانی کە چاوی کردەوە ، خۆی لەنێو دنیای پڕ لە دەرد و مێحنەتی نەتەوەکەیدا بینییەوە . بارزانی و بنەماڵەکەی و عەشیرەتەکەی لە نێوەندی ئەو دنیایەدا ڕاوەستابوون . لە تەمەنی ٣ ساڵیدا ، لە تەك خۆشەویسترین کەسی ئەو سەردەمانە ، دایکی لە زیندانی داگیرکەرە فاشیستەکاندا ، بە چاو و گوێ ، بە لەش و ڕۆح ، بە عەقڵ و غەریزە زوڵمی دوژمنانی چێشت . ئەو بەسەرهاتە تفت و تاڵە ناتوانێ کاری لە هەست و شعوری نەکردبێ . دەبوایە لە دژی ئەو بەشمەینەتییە ڕاپەڕێ و لەو نیزامە نا عادڵانەیە یاخی بێ . لە سێدارە درانی شێخ عەبدولسەلامی برا گەورەی زیاتر کاری تێکرد . ئیرادەی بەهێزتر و هەنگاوەکانی قا یمتر کرد . تەگبیری لە پچڕاندنی ئەو کۆت و بەندە کرد . ناخی خۆی پڕبوو . خۆ سازدانی دەرونی گەیشتە کەلاو کردن . لە ناخەوە پەڕییەوە بۆ دەورو پشت چەخماخەی شۆڕش لێدرا . لە ناوچەیەکی بچوك ، شاخاوی و ئەستەم . لە ناو کۆمەڵێکی دیار . بە ماوەیەکی کورت بڵێسەی سەند . داخوازەکان هەرچەن بارودۆخی جیاواز و تایبەتی چاوگەی شۆڕشەکەی لە خۆ گرت بەڵام لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەو ئەو کۆمەڵە دیارەدا قەتیس نەکرا . داخوازەکانی شۆڕشگێڕەکان کوردستانی بوون . بە شان و مەچەکی شێرە پیاوانی بارزان هەڵگیرابوون و خوێنی ئەوان ئاگری شۆڕشەکەی دەگەشاندەوە .

www.kurdistannet.org

ئێستا بارزانی بۆتە سەرکردەیەکی ناسراو . دۆست و دوژمن ناو و ناوبانگی جوامێریی و ئازایەتییان بیستووە . بارزان مەڵبەندی شۆڕشەو بانگی ئازادی لەسەر چیا سەرکەشەکانیەوە گەیوەتە لای هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوە . ڕێکخستن لە ڕێکخراوی عەشیرەتەوە کە بەبێ ئەو چەخماخەکە لێنەدەدرا ، گەشەی کردووە بۆ ڕێکخراوی سیاسیی – نەتەوەیی . هەیئەتی ئازادی دامەزراوە و داخوازەکانی شۆڕشی گەڵاڵە کردووە . پەیامی هەیئەت پەیامی ئازادی و سەربەستی و هاندانی ڕۆڵەکانی کوردە بۆ بە گژا چوونەوەی داگیرکەران . شۆڕش تادێ دەسەڵات پەیدا دەکا .دەسەڵاتپکی دووانە دامەزراو ە. دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی شۆڕش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا . بارزان پێتەختی دەسەڵاتی شۆڕشە . کار بەدەستانی عێراقی و ئینگلیزی ناتوانن ئەم دەسەڵاتە نە خوێننەوە . پاش زنجیرە شەڕو تێکهەڵچوونێك لەنێوان هەردوو دەسەڵاتدا وتووێژ دەسپێدەکا . سەرکردەی شۆڕش وشیارو وردبینە . باوەڕی بە بەڵێنەکانی دوژمن نییە. بەڵام لە دەرفەت کەڵك وەردەگرێ و هەناسەیەك تازە دەکاتەوە . لە دەرفەتی ڕەخساو بۆ بەهێزکردنی بنکەی جەماوەریی شۆڕش کەڵك وەردەگرێ . دوژمن لەوە غافڵ نییە و لەکاتی گونجاو دەگەڕێ بۆ پەلامار دانی ناوچەکانی شۆڕش . بارزان دەکەوێتە بەر پەلاماری عەرزی و ئاسمانی . بەرگرییەکی مێژویی لە ناوەندی فەرماندەیی شۆڕش کرا . نیسبەتی زەرەرو زیانەکان یەك بە چەند بوو بە قازانجی شۆڕشگێڕان. دوژمن توانای شۆرشی لێ حاڵی دەبێ .

ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی بارزانی لەوە گەورە ترە خۆ بە ناوچەیەکی جوغرافی بچوکەوە ببەستێتەوە . گرینگ بەردەوامی شۆڕشە . کوێ باشترین هەلومەرجی بۆ شۆڕش تێدایە ئەوێ بکرێتە مەڵبەندی شۆڕش و شۆڕشگێڕان توانا و وزەی خۆیانی بخەنە خزمەتەوە . کوردستانی ڕۆژ هەڵات. مهاباد لەجۆش و خرۆشێکی تایبەتیدایەو ژانی لەدایکبونێك گرتوویە . بارزانی خۆی گەیاندێ . وەك سەرکردەیەك پێشوازی لێکرا . بارزانی خۆی و هەڤاڵە قارەمانەکانی هەموو تاڵی و سوێرییەکانیان تەحەمول کرد و بەو پەڕی دڵسۆزی و تواناوە خۆیان بۆ کۆماری کوردستان تەرخان کرد . ئەوان بوونە بڕبڕەی پشتی هێزی پێشمەرگەی کۆمار . ئازایەتی و گیانبازییان لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی داگیرکەری شادا ، باوەڕی گەلی کوردیان بەخۆ قایمتر کردو هەیبەتی کۆماری بردە سەر . بارزانی و بارزانییەکان وەك قارەمانانی لەشکان نەهاتووی کورد ، کەوتبوونە بەر دڵی پێشەواو گەلی کورد . دیارە ئەوە جاری یەکەم نەبو بارزانی خۆی و هێزەکانی دەخستە خزمەت شۆڕشی کوردی دوور لە مەڵبەندەکەی خۆی . لە ١٩١٩ دا لە فەرماندەیی هێزێکی لێهاتودا بەکۆمەگی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمرەوە چووبوو کە بۆ دامەزرانی حوکومەتی کوردی هەڵگیرسابوو . کۆماری کوردستان جێگەی هیواو ئاواتی هەمو نەتەوەی کورد بوو. بارزانیش سیمبۆلی یەك چارەنوسیی ئەو نەتەوەیە بوو.

چەرخی گەردوون جارێکی دیکەش بەپێچەوانەی ئارەزووەکانی نەتەوە بن دەستەکەمان سووڕا . ئاشتی بەرژەوەندییەکانی جیهانی دوو جەمسەری کۆماری کوردانی هاڕی . پێشەوا و کاربەدەستانی کۆمار ڕێگەی خۆ بە دەستەوەدانیان هەڵبژارد . بارزانی جارێکی دیکەش کەوتەوەبەر دەم دوو ڕیانێکی مێژووییەوە : قبوڵی مەرجەکانی ئێران " یان بەربەرەکانی دەگەڵ هێزەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی ! بارزانی پاش مانۆڕێکی زیرەکانە ڕێگەی دووهەمی هەڵبژارد .

ئەو قسەو باسانەی لە ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی کۆماری کوردستاندا دا لە نێوان پێشەواو ژێنێراڵ بارزانیدا ئاڵو گۆڕ کران یەکجار گرنگ و خاوەن واتا و نرخی مێژووین . بارزانی لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە دا داوا لە پێشەوا دەکا خۆی بە دەستەوە نەدا و لەگەڵ ئەودا بچێ . بەڵێنی پێدەدا خۆی و هێزەکەی لە بەر فەرمانیدا بن . پێشەوا بڕیاری خۆی دابوو . لە ماڵاوایيدا ئاڵاکەی جمهوری کوردستان دەداتە بارزانی و دەفەرمێ " تۆ باشترین کەسی بۆ پاراستنی ئەم ئەمانەت و بەرپرسایەتییە " .

کورد لە ژێر باری هەرەسی کۆمار دا ورد و خاش ببوو . فەرماندەکانی ئەرتەشی شا لە خۆ بایی ببوون . داگیرکەران هەموو، شایی لۆغانیان داگێڕا. بەڵام داستانە پڕ سەروەرییەکانی بارزانی و جەنگاوەرەکانی لە شەڕو پێکدادان لەگەڵ ئەرتەشدا ، کە بە وتەی سەرۆکی ستادەکەی : " سوپای ئێران تا ئێستا لەگەڵ دوژمنی هێندە بەهێزی وەك بارزانییەکان شەڕی نەکردووە ، " گیانێکی دیکەی کردەوە بەبەر کورداندا و تا ڕادەیەك ئاسەوارە ڕەوانییەکانی هەرەسی کۆمار قەرەبوو کردەوە و لووتی شاو دەسو پێوەندەکانی شکاندن، بە جۆرێ کە شا فەرمانی بۆ فەرماندەکانی ئەرتەش دەرکرد کە تەڕ و

www.kurdistannet.org

ویشك پێكەوە گڕ دەن و دەس نە پارێزن : " نەهێڵن بارزانییەكان دەرباز بن . كاروانی كۆچو باری خاو و خێزانەكانیان بۆمباران بكەن بۆ ئەوەی چیدیكە ئابڕوی ئەرتەش نەچێ . " ئەو ئابڕو چوونەی شا باسی لێكردووە و ئەو شانازییانەی بارزانییە كۆڵنەدەرەكان لە ژێر فەرماندەیی بارزانیدا تۆماریان كرد ، ئەو خۆزگەیەی خستە دڵی كوردانەوە كە: پێشەوای شەهید رێگەی بەرگریكردن لە كۆماری وەبەرگرتبایە.

سەرەنجام بارزانی ، ئەو جەنگاوەرە پشوو درێژەی ئازادیی ، پاش ماوەیەك شەڕ و پێكدادانی سەخت لەگەڵ هێزەكانی ئێران و ئەم دیو ، ئەو دیو كردن و زنجیرەیەك مانۆڕی نیزامیی لە نێوان سنوری دەوڵەتەكانی ناوچەكە دا، بە ئازایەتی و قارەمانەتییەكی ئەفسانەیی كە قەڵەم لە وەسفی بەرنایە، لە ئاراسیان دا و كۆتاییەكی سەربەرزانە و سەركەوتوانەیان بەو ڕێپێوانە مێژووییە هێنا . دڵنیام ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمان پشتا و پشت بەم ئازایەتییەوە سەربەرز دەبن و پێیەوە دەنازن .

مانەوەی بارزانی و هەڤاڵەكانی لە یەكێتی سۆڤیەت ، دەورانێكی دیكەی خەباتی ئەو قارەمانە بوو . جووڵان و بزاوتی پێوەندیی بە بارودۆخی سیاسیی ئەو وڵاتەوە هەبوو . بە پێی بارودۆخ ، دەرفەتەكانی خەبات و تێكۆشان تەسك وهەراو دەبوونەوە . ئەوەی كە سەقامگیرو نەگۆڕ بوو ئاوات و ئامانجەكانی كورد بو لای بارزانی . ئەو هەروا عەودالْ و سەوداسەری ئازادی میللەتەكەی بوو . بۆ كورد و ئازادی كورد هەموو دەرگایەكی دەكوتا . بارزانی لە دوورە دیاریش هیوای ڕۆڵەكانی نەتەوەی كورد بوو . دایكان و ڕۆڵەكانی نیشتمان پەروەری كورد چیرۆكی ئەم پاڵەوانە راستەقینەیەی كوردیان بۆ ڕۆڵەكانیان نەقڵ دەكرد و بە عەشقی وی گۆشیان دەكردن . خەباتگێران لە چاوەنواڕیی ئەو ڕۆژەدا بوون جارێكی دی سەركردەیان بگەڕێتەوە نیشتمان و سەرلە نوێ ژیلەمۆی خەبات و بەرخودان بگەشێنێتەوە و ریزەكانی كورد ڕێكبخا .

جارێكی دییش ڕۆژی كورد هەڵاتەوە . بارزانی گەڕایەوە وڵات . كورد و عەرەب بە پێشوازی چوون . قارەمانی بارزان و كۆمار و ئاراس بە گەڕانەوەی " هەستی ناسكی شاعیرانی بزواند و بووە هەوێنی شیعرەكانیان .

ماوەی ئاشتی نێوان كورد و حكومەتی نوێ زۆری نەخایاند . سەرانی حكومەت نیازیان خراپ بوو . تا خۆیان گرت كاتیان گوزەراند .كە لە خۆیان ڕادیت كەوتنە پیلانگێڕان لە كورد . بارزان جارێكی دیكەش بووەوە مەڵبەندی خۆسازدان بۆ بەرگری لە كورد و مافەكانی . تەمەن نەیتوانیبوو كار لە سەركردەی پشوو درێژی كورد بكا . خۆی گەیاندەوە بارزان . دەسەڵاتداران جارێكی دیكەش قەوانە سواوەكەیان لە دژی كورد ژەندەوە : " پیلانی بێگانە " ! ، " دەستی دوژمنانی دەرەوە " !

شۆڕشی مەزنی ئەیلول هەڵگیرسا . شۆڕشێك كە لە روی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە لەگەڵ شۆڕشەكانی ڕابردوو جیاوازیی هەبوو . شۆڕشی ئەیلول بە گەلێك قۆناغدا تێپەڕی : شەڕ " وتووێژ ، نەشەڕ نەئاشتی ، ئاشتیو دیسان شەڕ . چەندین حكومەتی یەك لە دوای یەكی عێراق دەست و پەنجەیان دەگەڵ نەرم كرد . سەرەنجام لەژێر گوشاری شۆڕشدا ، حكومەتی ناوەندیی دانی بە بەشێك لە مافەكانی كورد لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمیدا ناو بەیانی ١١ی ئازاری بڵاو كردەوە . ئەو بەیانە سەرەڕای كەم و كوڕییەكانی ، لەو كاتەدا دەسكەوتێكی یەكجار گەورە بوو بۆ كورد بەگشتی .

شۆڕشی ئەیلول لەژێر سەركردایەتی بارزانی دا گەیشتە ئەو ئاستەی لە قاوغی نێو خۆیی دەرچوو و بووە كێشەیەكی ناوچەیی و جیهانی . بێجگە لە دەوڵەتەكانی ناوچەكە ، هەردو جەمسەری جیهانی دوجەمسەری ئەو كاتی پێوە خەریك بوون . بەڵام هیچكام لەو دەوڵەتانەی جارو بار لایەكیان لە كورد و كێشەیەكی دەكردەوە ، لەسەر بناغەی باوەڕ بەمافەكانی گەلێكی بندەست یان دیموكراسیو مافەكانی مرۆڤ هەڵسوكەوتیان لەگەڵ شۆڕشی كوردا نەكرد . ئەوان وەك هەمیشە لە دەربیجەی بەرژەوەندییەكانی خۆیانەوە تماشای بزوتنەوەی كوردیان كرد .

شۆڕشی ئەیلول لە بزوتنەوەیەكی پارتیزانییەوە گەیشتبووە دەسەڵاتێكی شۆڕشگێڕانە و ناوچەیەكی بەر فراوانی خستبووە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە . بۆیە لەچاو بزوتنەوەیەكی پارتیزانی كەلە بزاوتەكەیدا سەربەستە ، زیاتر حوكمی " ژئۆپۆلۆتیك " كاری تێدەكرد . حوكمێ كە بارزانی زیاتر لە هەموو كەس تێی گەیشتبوو و زیاتر لە هەر كەس رەنجی پێوەدی . بارزانی وەك سەركردەی شۆڕشێكی خاوەن دەسەڵات دەیزانی كە بەبێ خوێندنەوەی ئەم حوكمە نگریسەی لەسەر كورد هەیە ، ناتوانێ سیاسەت و تاكتیك و ستراتیژی شۆڕش دابڕێژێ . بۆیە گەلێك جاران هەڵبژاردنەكەی لە نێوان چاك و خراپدا

نەبووەو کەوتۆتە بەر دووڕێیانی هەڵبژاردنی خراپ و خراپتر و بەناچاری خراپی هەڵبژاردوە . ئەمە لەکاتێکدا کە بارزانی لەگەڵ ململانێی توندی نێوخۆییش روبەرو بووە . ململانێیەکی وەهاش ، ناتوانێ کاری لە بریارات و حیساباتی بارزانی نەکردبێ . دیارە ئەگەربارزانی ئەو کێشەیەی بە ملەوە نەبایە ، بێگومان دەرفەتی لەبارتری بۆ شەڕ و وتوویژ و ئاشتی دەست دەخست . بەڵام ئەوەی وەك جەوهەری نەگۆڕی هەڵوێستەکانی بارزانی لە هەر دۆخێکدا ماوەتەوە کێشەی کورد و ئامانجەکانی بووە . ئەو لە هەر هەلومەرجێکدا بەو پرێنسیپانە وەفادار بووە . بەڵام وەك هەر سیاسەتمەدار و سەرکردەیەك تاکتیکی خۆی هەبووە و مانۆڕی سیاسیی و نیزامی ( عەسکەری ) زۆر سەرکەوتوانەی نواندوە . بەبێ هۆ نییە ئەو شۆڕشە ئەو هەموو قۆناغەی بەخۆوە دیوە . تێنەگەیشتن لە تاکتیك و مانۆڕەکانی بارزانی هێندێ کەسی توشی هەڵەو سەر لێشێواوی کردوە و قسە و ناو و ناتۆرەی ناڕەوایان داوەتە پاڵ ئەو سەرکردەیە .

بارزانی لە هەموو کەس چاتر کوردەواریی ناسیوە . ئەو ، سیاسەت و تاکتیك و ستراتیژی شۆڕشەکەی لە ناخی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵێنجابوو . ئەو کوردەواری و شۆڕشی کوردی نەکردە مەیدانی تاقیکردنەوەی ڕێبازو ئایدۆلۆژی نامۆ لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە . بۆیە توانایەکی سەر سوڕهێنەری لە هەلس و کەوت لەگەڵ کێشەکان و ناتەباییەکانی هەناوی کوردەواریدا هەبووە بەو جۆرە توانیبوی زۆرترین جەماوەری کورد و زۆرترین ژمارەی ڕوناکبیران و نوسەران و شاعیرانی کورد لە دەوری شۆڕشەکەی کۆ بکاتەوە .

بارزانی نە تەنیا سەرکردەیەکی سیاسیی هەڵکەوتوو بوو ، شارەزایەکی لێهاتوی کاروباری نیزامیش ( عەسکەری ) بوو . نەخشەو تاکتیکەکانی لە شۆڕشەکانی بارزان ، لە کۆماری کوردستان ، لە ڕێپێوانە مێژووییەکەی بۆ سۆڤیەت و لە شۆڕشی ئەیلولدا گەواهیدەدەن بۆ زانایی و شارەزایی ئەو لە بنەماکانی شەڕ و فەرماندەیی دا . بێجگە لە دانپیانانەکانی دوژمنانی کوردیش بەو توانا و لێهاتووییە.

بارزانی شارەزاییەکی قووڵی لە قانونی یارییە سیاسییەکانی جیهانی دوو جەمسەری هەبوو . ئەو دیپلۆماتێکی لێهاتو بوو . بۆ کێشەی کورد روی لە هەر دەرگایەك دەکرد و دیپلۆماسی " هاوسەنگیی پۆزەتیفی بەکار دێنا . بەو مانایەی کە دەیویست بزوتنەوەی کورد لە زیاترین پشتیوانی نێودەوڵەتی بەهرەمەند بکا، بەبێ لەبەر چاوگرتنی نێوەڕۆکی سیاسیی – چینایەتی دەوڵەتەکان . ئەو ڕێبازە دیپلۆماسییەی ئەو دەم بارزانی لەسەری ڕۆیشت و دواتر ناحەزانی پلاریان تێدەگرت ، ئەمڕۆ سیاسەتمەدارانی کورد بۆ ئەنجام دانی هەڵەداوانیانە .

سەرجەمی ئەم مێژووە پڕ ڕوداو و هەوراز و نشێوە بوو کە بارزانی کردە گەورەترین و بە ناوبانگترین سەرکردە و ڕەمزی نەتەوەی کورد . بەڵام قسەکردن لە بارەی ئەو سەرکردە نەمرە و هەڵسەنگاندنی ، تەنیا بە لێکۆڵینەوە لەو مێژوە دەیان ساڵییە ، نا تەواو دەبێ ئەگەر هێندێ لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی لەبیر بکرێ .

بارزانی ٥٠ ساڵ تەمەنی خۆی لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد بردەسەر . لە کاتێکدا کوردی ستەمدیدەلە ناوچەیەکی داخراودا بە ئاور و ئاسن لێی دەدرا و هاواری بە هیچ کوێ نەدەگەیی ، لەو زەمانەدا کە دنیا وەك ئەمڕۆ " گوندێکی بچوك " نەبوو و وەسیلەی پێوەندیی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ نەبوو ، بارزانی کوردی بە دنیا ناساند . ئەو لەو پێناوەدا قوربانیی بە خۆی و بنەماڵەکەی و عەشیرەتەکەیدا و جوامێرانە لەسەر نەریتی شۆڕشگێڕانەی باب و باپیرانی ڕۆیشت . لە ڕەشترین ڕۆژانی کورد دا ، قۆڵی خەبات و بەرەنگاری لێهەڵماڵی . مێژووی ژیانی ئەو قارەمانە دەری دەخا کە ئەو لەم دنیایەدا ئەوەی بەلایەوە مەبەست بووە ڕزگاری میللەتەکەی بووە . دەرفەتی ئەوەی هەبوو خۆی و بنەماڵەکەی لەوپەڕی ئاسودەیی دا بژین و لە هەموو پلەو پایەیەك بەهرەمەند بن . بەڵام دەڵێی بۆ ئەوە لە دایکببوو کە لە بەرانبەر زوڵم و دەسدرێژیدا ڕاوەستێ و لە دژی داگیرکەران ڕاپەڕێ . ئەو سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو بوو . کەس نەیدەتوانی لەم بارەوە شان لە شانی دا . بەڵام کاتێ ئاڵای خەباتی بە دەستەوە گرت تەماحی پلە و پایە و سەرۆکایەتی نەبوو . چوونی خۆی و هێزەکەی بە یارمەتی شێخ مەحمودی نەمرەوە ، خزمەتەکانی بە کۆماری کوردستان و ئەو پێوەندییەی لەگەڵ پیشەوا قازی محەممەد دا دروستی کردبوو گەواهی بۆ ئەوە دەدەن . بەڵام لە عەینی کاتیشدا نەیدەتوانی ئەو ئەمانەتەی درابووە دەستی هەراج بکا .

خۆ ئەگەر وەك هەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد و ڕۆژهەڵاتییش عەشقی دەسەڵات و سەرکردایەتی هەبوو بێ ، ئەوە تازە

www.kurdistannet.org

دەیگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە زۆربەی ڕێبەرانی کورد و ڕۆژهەڵاتی لە ڕابردوو و ئێستا دا پێیەوە نووساون و بە زەحمەت نەبێ لێی هەڵناکەندرێن . ئیتر هەموو ئەو خوو و ڕەوشت و خەسڵەتە جیاوازە بەرزانەی دیکە با لەو لاوە بوەستن . بارزانی بە هەموو توانا و دەسەڵاتیەوە ، بە سادەیی و بێ فیزی و خاکەراییەوە ژیا . کام سەرکردە وەك بارزانی دەیان ساڵ لە بن تاشە بەرد وشیو و دۆڵەکان ژیانی بردوەتە سەر و لە لوتکەی دەسەڵاتدا بەو جۆرە ژیاوە . کێ وەك ئەو لە لاوازیی و لە دەسەڵاتدا گوێی دڵی بۆ پێشمەرگەو شوان و گاوانی سادەو دڵپاکی کورد شل کردووە و خەمی لێخواردوون .

بارزانی مرۆڤێکی دادپەروەر بوو . نەریتی دادپەروەری لە بنەماڵەکەیدا ڕیشەی هەبوو . شێخانی بارزان لە ناو عەشیرەتەکەیاندا لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە جۆرە دادپەروەرییەکیان دامەزراندبوو کە ئەمڕۆ لە خاڵەکانی بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانە . ئەو نەریتە لە شۆڕشی ئەیلول دا لە زۆر بواردا پارێزرا . بارزانی مافی کەسی بۆ کەس پێشێل نەدەکرد . هەر بەرپرسێکی شۆڕش هەر ئەندازە لێهاتوو و فیداکار ، پلەوپایەی بۆ چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر بەکار هێنابا بێ سزا دەرنەدەچوو . ڕێگەی بە ڕەشەکوژی و تیرۆر و تالان و برۆ نەداوە . دابین کردنی دادپەروەری و لێپرسینەوە لە تاوانباران لە بارودۆخێکدا کە بارزانی لە شەڕدابووە شتێکی سادەو ئاسان نەبووە .

بارزانی خاوەنی ستراتیژی و تاکتیکی زیرەکانە بووە . لە ستراتیژدا قایم و لە تاکتیك دا نەرم بووە . لە دەربڕیندا ئارام و هێدی و لە باوەڕدا پۆڵا بووە . لە ناسینی زەمان و مەکان و تەرازوی هێزدا زۆر شارەزا بووە بەڵام قەت تەسلیمی بارودۆخی خود بە خودی نەبووە و کەی بە پێویستی دیوە بە گژ هەر بارودۆخێکی داسەپاو و نەخوازراودا چووەتەوە. ڕادەی ئامادەیی جەماوەری بۆ شەڕ و ئاشتی ، پاشەکشەو پێشڕەوی لەدەست دا بووە . لە بڕیاردان دا خاوەنی بوێری و ئازایەتی ئەخلاقی و سیاسیی بووە . لە خۆڕا نییە کە شۆڕشی ئەیلول بەو هەموە قۆناغە پێچاو پێچەدا تێپەڕیوە و هەیبەتێکی وەهای بە شۆڕش داوە کە زۆربەی جار یەکەم وتوو وێژەکانی نێوان حکومەت و شۆڕشدا لە ناوچەکانی شۆڕش بە ڕێوە چووە و بارزانی خۆی هیچکاتێ بۆ وتو وێژ ، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەرنەدەچوو . ئا بەم لێهاتوییەوە بوو بزوتنەوەی کوردی گەیاندە ئاستێك کە حکومەتی ناوەندیی خستە بەرگەورەترین مەترسی و دۆخێك کە حازر بوو مەرجەکانی ڕێژیمی شا قبوڵ بکا و ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر ئیمزا بکا .

تایبەتمەندییەکی دیکە کە بارزانی سەرکردە لەزۆربەی کاربەدەستانی بزوتنەوەی کورد جیا دەکاتەوە ، بەشداری بنەماڵەو کەس و کارەکەی خۆیەتی لە شۆڕش و نەهامەتی و کارەساتەکاندا . بارزانی ئیمکاناتێکی زۆر و زەوەندی لەبەر دەست دا بو بۆ دابین کردنی ژیانی ئاسودەی کوڕەکانی لە دەرەوەی کوردستان . بەڵام ئەو کوڕەکانیشی لە تافی لاوییەوە نایە بەر شۆڕش و ئەوانیش وەك پێشمەرگەو لێپرسراوانی دیکەی شۆڕشەکە ، زۆر جار لە لێواری مەرگ گەڕاونەتەوە . پیاوانی گەورەی دنیا ئەوانەی دەوری سەرکردەییان هەبووە کەمتر حازربوون منداڵەکانی خۆیان لەو چەرمەسەرییەوە بگلێنن . بارزانی ڕۆڵەکانی خۆشی بۆ کورد بار هاورد . خۆ ئەگەر بارزانی شا ، یان سەر کۆمارێك بایەو پلەو پایەی دەوڵەتیی بەسەر کەس و کارەکەی خۆیا دابەشیبایەتەوە ، ئەوە بێگومان جێی قسەبوو . بەڵام میراتی بارزانی بۆ کوڕەکانی هەر ئەو ژیانە بوو کە خۆی ٥٠ ساڵ تەمەنی بەو تەرزە رابواردبوو. هێندێك جار ، خەڵکانێك لە ڕووی نەزانی یان لە ڕووی بەرژەوەندییەوە ، ئەوە بە لاوازی بۆ بارزانی و بنەماڵەکەی لێکدەدەنەوە و دەیکەنە هەوێنی قسەو قسەڵۆکی بێ نێوەرۆك . گەلێك جار ئەم جۆرە کەسانە ، ئەو غەدرەش لەعەشیرەتی قارەمانی بارزانی دەکەن . بارزانییەکان لە دژی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی عوسمانی ڕاپەڕیون ، بڕبڕەی پشتی کۆماری کوردستان بوون ، ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێرانیان تووشی ئابڕووچوون کرد ، لە ڕێپێوانە مێژووییەکەدا هاوڕێی وەفاداری بارزانی بوون ، دیسان بە پیری بۆ کورد دەستیان دایەوە چەك و زۆریان تا لێواری گۆڕ هەر پێشمەرگە بوون، کەچی قەت مافی خۆیان پێنەدراوە و هێندێك جاریش زۆر ناڕەواییان لە هەقدا کراوە . ئایا بارزانییەکان ئەو هەمووە بەرەنگاری و خۆبەختکارییەیان لەبەرخۆیان بەرپا کردوە . ئایا کێشەی ئەوان ، کێشەی خێڵ و " عەشیرەت " بوو ؟ بەراستی چلۆن دەکرێ لە نێوان ئەم جەنگاوەرە ئازایانەی ئازادیدا کە ئاڵای شۆڕشی کوردیان بە شانەوە بووە لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی بۆ بەرژەوەندی عەشیرەت دژی گەلەکەی خۆیان و شۆڕشەکەی راوەستاون و سەرۆکەکانیان بەو نرخە هەرکام کۆشك و تەلاریان بۆ خۆیان پێکەوە نا جیاوازی دا نەنرێ و کردەوەکانی ئەوانیش هەر عەشیرەتی بن و هی ئەمانیش هەر وا.

www.kurdistannet.org

بەڵی، بارزانی کێشەی گران و ئاڵۆزی کوردی دەیان ساڵ بێوچان بە کۆڵەوە بوو . گەلێك ناخۆشی و تاڵی و سوێری هاتنە ڕێ . زۆر کەند و کۆسپی خرایە ڕێ . قۆناغی جۆراو جۆری تێپەڕ کرد . گلان و هەستانی زۆری بە خۆوە دی . بەڵام کۆڵی نەدا . داینەناو سەودای پێوە نەکرد . تا ڕۆژێ سەری نایەوە ئەو خەمە گەورەی هەرلەبەر بوو .

پیلانی نێودەوڵەتی ئەلجەزائیر شۆڕشی کوردی تووشی نوچدان کرد . بەڵام ئەوانەی لە رووی بایەخە ئەخلاقییەکانەوە شکان دوژمنانی کورد بوون نەك بارزانی . ئەوەی کە رووی دا لە ژوور سەری کوردەوە بوو. گرتنەوەی خێرای لەتاقەتی کورددا نەبوو . وەك باوە کەس خۆی ناکاتە خاوەنی شکان . ئەو شکستە درگای لەسەر پەلاماری هێندێ گری لە دڵ بۆ سەر بارزانی خستە سەر پشت . دوژمنانی کوردیش رمێنیان پێدەدا . چونکە دەیانزانی شکانی کەسایەتیی بارزانی یانی شکانی کورد . دوژمن گلەیی لێ ناکرێ. مافی خۆیەتی هەر ناو و ناتۆرەیەك بۆ شۆڕشگێڕ و سەرکردەکانمان بڵاو بکاتەوە و تۆمەت و بوختانی جۆراو جۆریان بۆ لە کاغەزی سوور و سپیەوە، وەپێچێ .

بارزانی وەك هەر سەرکردەیەك و هەر سەرکردەیەك وەك هەر مرۆڤێك " جایز الخطا " یەو بۆی هەیە تووشی هەڵەش بووبێ. بۆی هەیە کە سانێك لایان وابێ دەبا فلان کاری وا بایە و فیسار کاری وا نەبایە. بەڵام ئەوە ناتوانێ هیچ لە گەورەیی بارزانی وەك سەرکردەیەك و وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی کەم بکاتەوە . رەوا نییە ئەو قارەمانە بێوێنەیەی کوردان ، بە پێوەروتەرازووی شکست و سەر کەوتنەوە هەڵسەنگێندرێ . چونکە هەر سەرکەوتنێك شانازی هێنەر نییەو هەر شکستێکیش شورەیی و پەستی نییە . بارزانی بە ٥٠ ساڵ خەباتەوە ، خۆی قوتابخانەیەکی کوردایەتییەو دەبێ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بە گشتی و تێکۆشەرانی سیاسیی بە تایبەتی وانەی شۆڕش و سیاسەت و ئەخلاقی لێوە فێربن . بارزانی موڵکی هەموو نەتەوەی کوردەو قوتابخانەکەی لە پاوانی هیچ کەس و دەستەیەکی تایبەتیدا نییە . هەروەها هیچ کەس نابێ مافی ئەوە بەخۆی بدا بە بیانوی دژایەتی کردنی پارتیدیموکراتی کوردستان بێحورمەتی بە بارزانی بکا . بارزانی هێندە گەورەیە و جێگەی لە دڵی نەتەوەی کورد دا ئەوەندە بەرز و ڕەگ و ریشەی ئەوەندە بە کۆمەڵی کوردەواریدا رۆچووە کە ئەگەر تەنانەت ئەوانەی ململانێیان لەگەڵ پارتیدا هەیە، دەست بە کەلتوری بارزانییەوە بگرن و خۆ بە قوتابیی ئەو قوتابخانەیە دابنێن ، باشتر دەتوانن ئەو ململانێیە درێژە پێبدەن.

دڵنیام هەر ئەندازە کۆمەڵی کوردەواری بەرە و پێش هەنگاو بنێ و بەهەر رادە وشیاری نەتەوەیی لە نێو رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا بەرزتر بێتەوە بارزانی و ڕێبازەکەی زیاتر دەناسرێن و پلەو پایەی مەعنەویی بارزانی لە نێو کورد دا زیاتر بەرەو ژوور دەچێ و شاکارە مێژوویيەکانی پتر بە نرخ دەبن ، مێژوو نووسان ، شاعیران ، ئەدیبان و نووسەران و شۆڕشگێڕانی نەوەی نوێ و نەوەکانی داهاتووش باشتر لە پەسنی بارزانی دا دەنووسن و دەهۆننەوە و لێوەی فێر دەبن و کوردەواریش تا دێ زیاتر شانازی بەم سەرکردەیەوە دەکا .

بارزانی پێشەوای مەزنیی ئازادیی، میداڵیایەکی زێڕینە بە بەرۆکی مێژووی نەتەوەکەمانەوە! ئەستێرەی پڕشنگدارو بێئاوای کوردەواری و کوردایەتییە!

*** ئەم بابەتە بۆ یادی ١٠٠ ساڵەی بارزانی ئامادە کرابوو.**

*****

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com